# جەندرمە و سەرباز...یادەوەری هاوبەش

## نوری بێخاڵی

ئەزموونی تاڵ و دوور و درێژی داگیرکاری و ژێر دەستەیی فێری ئەوەی کردین، کە نەتەوە سەردەستەکانی (عەرەب و تورك وفارس) لە هەر شتێکدا جیاواز وناکۆك بووبن، دواجار لەسەر کوشت و بڕی کورد و وێرانکردنی کوردستان و بەشینەوەی سامانەکەی کۆك و هاوڕا و برابەش بوونە، ئێستاشی لەگەڵ دابێت بەلای ئەوانەوە ئێمەی کورد (نەوەی جنۆکە و کێوین) و شۆڕشگێڕ و پارتیزان و پێشمەرگەکانمان (چەتە و ڕێگر و جەردە و موخەریب و عوسات و ....)ن، کەچی لە بەرامبەر ئەمەدا و لە سادەیی و ساویلکەیی و خۆشباوەڕی خۆمان، بێشکچی گووتەنی (کوردی نەتەوە پەرست نەبووین)، نەتەوە پەرست بەمانا فاشی و شۆڤینییەکەی نا، بەڵکو بەو مانایەی بە جددی لە خەمی شوناس و کولتور و فەرهەنگ و بەهاگەلێکی بەرز و پیرۆزی نەتەوەییدا نەبووین، لە هەموو ئەمانەش ترسناك و وێرانتر نەخۆشی دووبەرەکی و خۆخۆری زۆرجار بەو ئاقارەیدا بردووین، کە بە لۆژیك و زمانی داگیرکەرانمان پێناسەی یەکترە بکەین.

"مەلا مستەفا بارزانی" لە وتەیەکیدا دەڵێ: (کوردستان یەك پارچەیە و ئەو سنوورەی جیای کردۆتەوە دەستکردە)، خەونی هەرە مەزن و گەورەی نەوەکانی کوردیش ئەوەبووە، کە جارێکی تر و بە هەر شێوە و نرخ و قوربانیدانێك بێت کوردستان ببێتەوە یەك، لە بەرامبەریشدا (عەرەب و تورك و فارس)، نەك تەنها سیاسەتمەدار و دەسەڵاتدارەکانیان، بگرە زیاتر رۆشنبیر و دەستەبژێرەکانیشیان بەو ئاراستەیە کاریان کردووە، کە ئەم بیروباوەڕەی سەرەوە لە مانا جەوهەرییەکەی خۆی بەتاڵ بکەنەوە، بۆ ئەمەش درێغیان لە پەنابردن بۆ هیچ رێگا و شێواز و سیاسەت و میکانیزمێك نەکردووە، لە پێناو سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەییمان، لەسەر ئاستی زمان و فەرهەنگ و گوتارەوە بگرە، تا دەگاتە جینۆساید و سوتاندنی خاك.

هیچ کوردێکی وشیار و بەئاگا نییە ئەو راستییە نەزانێ و خۆی لەو واقیعە تاڵە نەبان بکات، کە رژێمی میلیتاریستی وشۆڤینی کەمالیستەکانی تورکیا، سێ بارتەقای سیاسەتەکانی بەعس دژی کورد هۆڤی و درندەیە، تا ئەم چرکەساتە و لەسای دوو فاقیەتی سیاسەتی دونیای بڕیار بەدەست، تورکیا و رژێمە دژە مرۆییەکەی لە هەر کاتێك زیاتر بەربۆتە گیانی کورد و وێزەی وڵاتەکەی، زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدان .. تیرۆر و تۆقاندن و ئابڕوو تکاندن .. راوەدوونان و راگواستن و بەتورك کردن .. پرۆسەی جینۆساید و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو و تەختکردنی گوند و ئاواییەکان لەگەڵ زەوی و شێواندن و سوتاندنی سروشت و ژینگەی کوردستان و کوێرکردنەوەی سەرچاوەی ئاو و کانیاوەکان، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەم دواییانە لە دژی خەڵکی سڤیلی لادێکان و گەریلا نزیکترین نموونەیە، کەچی زۆر بەداخەوە لە سەر ریتمی سیاسەتی بانێکە و دوو هەوای نێوەندی بڕیار بەدەستی جیهان، کایەی سیاسی و رۆشنبیری و

میدیای باشووری کوردستان شرۆڤەی رووداو و دەرکەوتەکان دەکەن و ناو دەبەشنەوە.

ئەگەر بڕیارە لێرە کایەی سیاسی لەبەر کۆمەڵێ ئیعتیباراتی سیاسی و دیبلۆماسی و بەرژەوەندی هەرێمایەتی و هەندێ جار لەبەر کۆنە رق و کینەیان بەرامبەر تەڤگەری رزگاریخوازی باکووری کوردستان، لە ئاست ئەو دڕندەییەی تورکیا بە سیاسەتی (نەشیش بسووتێ نە کەباب) مامەڵە بکەن، ئەوا شەرمەزاری و ئابڕوو چوونێکی گەورەیە بۆ نێوەندی رۆشنبیری کوردی و میدیای(بە فەرمی و نافەرمییەوە)، بە هەناسەی سیاسییەکان و ریتمی جادووبازانەی تەوژمی دیموکراسی و موژدە وەهمییەکانی ناو لە (گەریلا) بنێت چەکدار و دەستەواژەی (کوردستانی فلان و فیسار دەوڵەت) بکاتە بنێشتە خۆشەی سەر زاران و هەندێ جاریش وەك ئەتەکێتی دونیای مۆدێرن و خۆ گونجاندن لەگەڵ رەوتی سەردەم (رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ) بەکار بێنێ.

کایەی سیاسی کوردستان لێرە و میدیا شوێنکەوتەکەی چۆن و لە چ روانگە و بە چ پێوەرێك pkk دەخوێننەوە، ئەوە کێشەی خۆیانە، بەلاّم نە ئەو کایە و نە میدیا و نێوەندی رۆشنبیری کوردی لێرە ناتوانن ئەو راستییە مێژووییە دیزەبەدەرخۆنە بکەن، کە ئەوە نزیکەی نیو سەدەیە کچ و کوڕە گەریلاکان بە گیان و خوێنی خۆیان بەرگری لە شوناسی نەتەوەیەك و سەروەری نیشتمانێك دەکەن و سنگی خۆیان کردۆتە قەڵغانی بەرپێگرتن و تێکشکاندنی سیاسەتی کوردقڕان و جینۆسایدی کەملبیستەکان .. ئەوان بەو بەرخۆدان و دیرۆکەیان خۆشی و ترشیمان بێت، نوێنەری راستەقینەی دۆزی رەوای نەتەوەیی کوردن لە باکووری کوردستان، چالاکییە سیاسی و دیبلۆماسی و رێکخراوەییەکانیان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و شۆڕشە چەکدارییەکەیان باشترین بەڵگەی ئەو راستیەیە، کە (سەرەڕای کەموکورتی و هەڵە و کێماسییەکانی سیاسەت و سەرکردایەتی pkk لە شوێنکاتی جیاجیا لەسەر ئاستی نێوخۆ و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی و دروست نەخوێندنەوەی هاوکێشەکان) ئەوانن نمایندەی تەڤگەری رزگاریخوازی کورد لەو پارچەیەی ولاّت و مێژوویێکە بە پراکتیکی خۆیان سەلماندووە، نەك بۆرقای و ئالّچی و کێ و کێیەك، کە بەپێی میزاج پێیەکیان لەناو گەل و دوو پێیان لەناو رژێمدایە بەناوی چارەسەری دیموکراسییانە و خەباتی سەردەمی!!

نایشارمەوە کە وەك تاکە کەس لە زۆر خالّدا سەرنج و تێبینی و رەخنەم لە سیاسەت و سەرکردایەتی ئەو حزبە هەیە، بەلاّم ئەوە بەو مانایە نییە کە زەمانە چۆنی دەوێ، ئاوا مامەڵە لەگەڵ چەمکەکانی نەتەوە و نیشتمان و شۆڕش بکەین، بۆیە بەڕاشکاوی دەڵێم بەلای منەوە ناوهێنانی گەریلا بە چەکدار لە نێوەندی رۆشنبیری و کەناڵەیکانی میدیای کوردی لە باشوور ئەوپەڕی سوکایەتیکردنە بەو مرۆڤە لەخۆبوردووانەی دڵیان خستۆتە سەر لەپی دەستیان لە پێناو بەرگریکردن لە شوناس و دۆزی رەوای نەتەوەیەك و سەروەری پارچەیەکی گەورەی ئەم نیشتمانە (چونکە وەك چۆن پێشمەرگە بۆتە رەمزی تێکۆشان و سەرفرازی کورد لە باشوور، ئاواش گەریلا تێکەڵی رۆح و ویژدان و یادەوەری کوردی باکوور بووە).

ئاخر هەمووتان لەمن باشتر دەزانن، کە لەلای ئێمە وشەی چەکدار لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکاندا بۆ

گاڵتە و سوكایەتی پێكردن و لەبەها كەمكردنەوە بەكار دەهێنرێت، چونكە دەشێت (جاشێك، سیخوڕێك، بەكرێگیراوێك، چەرچییەك، جەردەیەك، رێگرێك، تاوانبارێكی پیاوكوژ و......) چەكدار بن، بەڵام پەیام و ناوەڕۆك و بەهای مرۆیی و ئەخلاقییانەی كەسایەتی و چەكی هیچ كام لەمانە ناگاتە ئەژنۆی گەریلایەك، كە لە پێناو دۆزی رەوای گەلەكەی و سەربەخۆیی وڵاتەكەیدا چەكی كردۆتە شان، وەك چۆن ناوی جەندرمە و سەرباز هەمیشە لە یادەوەری برینداری ئێمە هەمیشە ناشیرین و قێزەون و بێزراون و بەو پێوەرە مامەڵەیان لەگەڵ دەكەین، ئەگەر بە هەمان پێودانگ و پێوەریشەوە سەیری ئەوانی خۆمان بكەین، كەواتە هیچمان بە هیچ نەكرد.

ئەگەر بە خوێندنەوەی ئەم چەند پەیڤە كەسانێك لەو بڕوایەدان پیاوی pkk-م (ئاخر لەو وڵاتە بۆتە عادەت قسە لە ئازای بكە بە گێرەشێوێن ناوت دەبەن، رەخنە لە كەموكورتییەكانی دەسەڵات بگرە بە بەكرێگیراوی وڵاتان ناوزەدت دەكەن، تێبینی لەسەر دەق و چەمك و تەشریعاتەكانی دین دەربڕە بە كافر و زیندیق تۆمەتبارت دەكەن، رەخنە لە دابونەریتی بۆگەنی باو بگرە بە لادەر و بەدڕەوشت دەتناسێنن.....)، یان بە عەقڵی شاخ بیر دەكەمەوە، یاخود لە زمانی سەردەم ناگەم و تەوژمی ئەمڕۆی دیموكراسییەت و دیبلۆماسییەت دەخوازێ، كە وەڵامی ئەو دڕندەییەی گورگەبۆرەكان بە زمانی گوڵ بدرێتەوە، ئەوا كەیفی خۆیانە، چونكە بە هیچ پێودانگێك ناكرێ ئێستای هەلومەرجی باشوور و باكووری كوردستان و رژێمی ژەنەڕاڵەكانی ئەنقەرە و حكومەتی عەرەبی بەغدا بەراورد بكەین، ئەگەریش بەرژەوەندی دووفاقییانەی ئەمریكا و رۆژئاوا نەبوایە، ئەمێستاش ئێمە لێرە لەژێر رەحمەتی چەقۆی ئەنفال و كیمیاباران دەماننالآند، راستە ئێستا لەگەڵ ئەو نێوەندانەی بڕیاردا هاو بەرژەوەندین، بەڵام ناكرێ تەنها لەیەك دیوەوە سەیری رووداوەكان بكەین و دەركەوتە و هاوكێشەكان یەكلایەنانە و تاك رەهەندانە بخوێنینەوە.

ئاخر ئەوە نییە ئێمە بەو خۆشخەیاڵییەی تەوژمی دیموكراسییەت و مافەكانی مرۆڤ و دوای رووخانی بەعسیش، تا ئەم چركە ساتە نەمانتوانیووە لەگەڵ عەرەبدا زمانێك بدۆزینەوە بۆ چارەسەری یاسایی و ئاشتییانەی ناوچە تەعریبكراوەكان و بە تایبەتیش كەركوك، كە ئێستاش لەسای حكومەتی ویفاقی نیشتمانی تەعریب دەكرێن، كە دڵنیام ئەگەر وا بڕوا دەبێ ئەو كۆچەرانەی بیابان تەنها بە زمانی چەك لە كەلی شەیتان دابەزێنین، ئیدی نازانم چۆن و بە چ لۆژیكێك مافی ئەوە بە خۆمان دەدەین لە لە بەرامبەر دڕندەیی و وەحشیگەرێتی رژێمی توركیا و ماكینەی شەڕ و دەزگا سەركوتكەر و جەندرمەكانی دژی خەڵكی سڤیل و هاونیشتمانییەكانمان، ئامۆژگاری تەڤگەری رزگاریخوازی باكووری كوردستان و شۆڕشە ئازادیخوازەكەی بكەین، كە لە ئاست گوللە و موشەك و رۆكێت و ناپاڵم و تانك و فڕۆكەی گورگەبۆرەكاندا گوڵ ببەشنەوە و دیموكراسییەت شاباش بكەن، هاوكات ناوی گەریلا و جەندرمەكان بخەینە تای تەرازوویەك، مەگەر هەموومان ئەو راستییە نازانین كە كورد لە بكوور وەكو ئێمە و پێشمەرگەكانمان لە پێناو چەسپاندنی دادوەری و ئاشتی و گەڕاندنەوەی مافە نیشتمانی و نەتەوەییە زەوتكراوەكان دەستیان داوەتە چەك.

ئێ خۆ ناکرێ هەر کەسە و لە هەنبانەی خۆی گوێز بژمێرێ، لەبەرچی بۆ ئیسرائیل دیموکراسیەتە لە بەرامبەر دوو سەربازی  دیلکراوی خۆیدا و بەناوی لەناوبردنی حزبوللاّ، کە گومان لە تیرۆیستی ئەو رێکخراوە توندڕۆییە ناکرێ و سەرەڕای خوێندنەوە و تێگەیشتنی خۆم بۆ کێشەی فەلەستین، کە زێدەتر کالآیەکی باشی بازرگانییە و حەماس و فەتح و جیهاد و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی خۆیانی لەسەر قەڵەو دەکەن، بەلاّم بەرگریکردنی گەریلا لە بەرامبەر سەدەیەك ئاگر و ئاسنی تورك و لە پێناو نەتەوە و نیشتمانی خۆیدا تیرۆرە و ئێمەش هێندەی تر قوڕەکە خەست بکەینەوە و ئەو هێزە شۆڕشگێڕە بێنینە ریزی چەند چەکدارێکی یاخی و چەتە!!

لەم گۆشەنیگایەوە سەرنج و گلەییم بۆ نێوەندی رۆشنبیری و میدیای کوردی (بە فەرمی و نافەرمییەوە) لە باشووری کوردستان ئەوەیە، کە جگە لەوەی هەڵەیەکی زمانەوانی و شورەییەکی مەزنە جەللاد و قوربانی بخاتە تای تەرازوویەك و جەندرمە و گەریلا وەك یەك سەیر بکات، هاوکات لە میانی فرێدان و بەکاربردنی (کوردستانی فلان و فیسار ولاّت) هوشیارییەکی نەتەوەیی سەقەت بەرهەم دێنێ، چونکە ئەگەر پێمان وایە ( کە هەر وایە و گومانی تێدا نییە) لێرە و لەلای خۆمان (پێشمەرگە) رەمزی سەرفرازی نەتەوە و شۆڕشێکە و مایەی سازش لەسەر کردن نییە، ئاوا و زیاتریش بەتایبەتی لەمڕۆدا (گەریلا) لە یادەوەری و ویژدانی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی زیاتر لە پانزە ملیۆن کورد، سیمبولی بەرخۆدان و ئازادییە و جەندرمە و جاش و چەتەکانیش نیشانەی دیکتاتۆرییەت و شۆڤینییەت و پاشەڵ پیسی و چڵکاوخۆری و خیانەتن، بۆیە بەرپرسیارێتییەکی پیشەیی و مۆراڵی و نەتەوەییە، هەر کەسە و  ئەگەر چ تێبینی و سەرنج و رەخنە و گلەییەکی لەسەر pkk و سیاسەت و سەرکردایەتییەکەی هەیە، با لە روانگەی دڵسۆزی و کورد بوونی خۆی و وەك پەرۆشییەك بۆ ئاییندە و چارەنووسی سیاسی پارچەیەکی ئەم ولاّتە، بەراشکاوی و بوێرانە و بە زمانی لۆژیك و خوێندنەوەی زانستی بیانخاتە ڕوو، جا تا کوێ ئەو هێزە سیاسییە ئەوەی قبوڵە کێشەی خۆیەتی و پەیوەندی بە خوێندنەوە و دونیابینی خۆیەوە هەیە، گرنگ ئەوەیە ئەوانیش لەوحی مەحفوز نین و کەسمان لە خەوش و هەڵە و کێماسی بەدەر نین، هاوکات لەسەرووی ئەمەشەوە پێویستە هەر یەکێکمان رێز لەو یادەوەری و ویژدانە زیندووەی هاوزمان و هاونیشتمانییەکانمان لە باکوور بگرین و چیتر رەوای حەق نییە خۆمان بکەینە سەپانی باوکی کەس.